# بەخێر بێیتەوە ئەی مانگی قورئان، مانگی خێر وئیحسان

< كوردي >

زاگروس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# مرحبا بك يا شهر القرآن، يا شهر الخير والإحسان

< كردي >

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# بەخێر بێیتەوە ئەی مانگی قورئان، مانگی خێر وئیحسان

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

خۆزگەمان بە هاتنەوەی مانگی رەمەزان دەخواست، تامەزۆری پێشوازی هاتنەوەی بووین، هاتنەوەی مانگی قورئان، مانگی پەرستن، وپاککردنەوەی دڵ ودەروون لە خەوش و خاڵی تاوان وگوناە، سوپاسی خوای گەورە وپەروەردگار دەکەین کە جارێکی تر تەمەنی پێ بەخشینەوە کە لە خزمەت ئەم مانگە پر قەدر وپڕ لە خێر وبەرەکەتەدا بین .

ئەم مانگە بەخۆی و فەزڵ وگەورەییەکەیەوە هات و هەمووشمان دەزانین ئەم مانگەش هەروەك مانگەکانی تر دێت و هەروەك ئەوانیش ماڵ ئاواییمان لێدەکەن، ئەوەش سونەتێکی خوای گەورەی باڵادەستە، ڕۆژە جوان قەشەنگەکان کە سەرمایەی دەستی ئێمەی مرۆڤن بۆ بەدەستهێنانی ژیانی هەتا هەتای هەر زوو خێرا دێن و دەڕۆن، ئەویش لەبەر ئەوەی دونیا بەهەموو شێوەیەك خۆی ڕازاندووەتەوە بە تەواوی ئەو هۆکارانەی کە مرۆڤەکان لە کاری سەرەکی خۆیان لادەدەن،،، هەموو دەزانین کە کار ومەبەستی سەرەکی ئێمە لە دونیادا پەرستنی پەروەردگارە بە تاك و تەنهای و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو زاتە پیرۆزەیە، وەك فەرموویەتی :

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ﴾ [ الذاريات : 56 ] .

واتا : پەروەردگار فەرموویەتی : من مرۆڤ و جنۆکەم تەنها بۆ پەرستنی خۆم دروستکردووە، بۆیە مرۆڤی ژیر وخاوەن بیروهۆش ژیانی دونیای دەکاتە توێشوو بۆ ژیانی پاشەڕۆژی، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا کاتەکانی ژیانمان هەر زۆر بە پەلە دێن و گوزەر دەکەن، هەر هێندەت زانی گەنجی ولاویت پاییزی تەمەنی تێپەڕاند و وورده وورده هێز و گوڕی جارانت پێ نەماوە، نەخۆشی بە هەموو جۆرەکانیەوە کەم کەم لە دەرگای جەستە ولاشەت دەدەن وبە بێ پرس خۆیان دەکەن بە ماڵدا،،، بەڵام هاتنەوەی مانگی ڕەمەزان، وەرزی عبادەت و چاکە وئیحسان مرۆڤە غافڵ بێ ئاگاکان هۆشیار دەکاتەوە و زەنگێکی بۆ لێدەدا، بۆ ئەوەی مەبەستە

سەرەکیەکەی وەبیر بخاتەوە وپێی بڵێ : ئەی مرۆڤ بیدار بەرەوە لە خەوی بێ ئاگای و ڕابوردنی دونیای فانی، ماڵ و خانە و لانە وجێگای حەوانەوەی تۆ بەهەشتە نەك دونیا !!! ئەو بەهەشتەی کە یەکێك لە دەرگاکانی بەناوی دەرگای ڕۆژووەوانانەوە ناونراوە، هیچ کەسێك بەو دەرگایەدا تێپەڕ ناکات ئەگەر ئەهلی ڕۆژوو نەبووبێت، لەگەڵ موسڵماناندا مانگی ڕەمەزانی نەگرتبێت ..

ڕەمەزانی ساڵی پێشوو، بووە بە مێژوو لە ژیانی ئەوانەماندا کە خوای گەورە فورسەتێکی تری پێ بەخشینەوە بۆ شاد بوونەوە بەم مانگە پیرۆزە، چونکە کەسانێك ڕەمەزانی ساڵی پاریان گرت، بەڵام خوای گەورە تەمەنی پێ نەبەخشینەوە کە بەدیداری ڕەمەزانی ئەمساڵ شاد ببنەوە، و ئێستا لەژێر گڵدان، ئاواتە خوازی ئەوەن کە خوای گەورە جارێکی تر بیانگەڕێنێتەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی توێشووی زیاتر بۆ ئەو ژیانە ڕاستەی دوارۆژ کۆبکەنەوە، بۆیە کوڕ گەل فرسەتە ئەمرۆ با پەیمان لە گەڵ خوای گەورەدا نوێ بکەینەوە،،، پەیمانێك وازمان پێ بهێنێت لەو کاروکردەوانەی کە ساڵانێکە بوون بەهۆی لەخوادوریمان، بوون بەهۆی ئەوەی لە زەلکاوی بێ ئاگایی و نەفامیدا بتلێینەوە، پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت و مردن یەخەمان بگرێت و ئەو کاتەش ئیتر پەشیمانی وهات وهاوار دادمان نەدات.

ڕەمەزان پێمان دەڵێت : ئەوا جارێکی تر بە کۆڵێك بەرەکەت و موژدەی خوای گەورەوە هاتمەوە خزمەتتان، دەی ئێوەش لە خزمەت مانگی قورئاندا بن، لە خزمەت نوێژەکانی تەراویح و شەو نوێژ وياد وذيكرى خوادابن، بە پارە و ماڵ وسامانتان هەژاران ونەداران بحەوێننەوە، لەو ماڵەی خوای گەورە پێی بەخشیون ببەخشن،

﴿ وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ ﴾ [ النور : 33 ] .

لەگەڵ هەڵهاتنی هیلالی ئەم مانگە پیرۆزەدا نەسیمی دڵ ودەرون ووردە ووردە بەرز دەبێتەوە وموسڵمانان هەست بە ئاسوودەی دەکەن، چونکە شیەتانەکان لەغاو دەکرێن و دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن، هەروەك پێشەوای ئازیمان فەرموویەتی : {إِذَا كَانَ أَوَّلُ لَيْلَةٍ مِنْ شَهْرِ رَمَضَانَ صُفِّدَتِ الشَّيَاطِينُ وَمَرَدَةُ الْجِنِّ ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ فَلَمْ يُفْتَحْ مِنْهَا بَابٌ، وَفُتِّحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ فَلَمْ يُغْلَقْ مِنْهَا بَابٌ، وَيُنَادِي مُنَادٍ: يَا بَاغِيَ الْخَيْرِ أَقْبِلْ ، وَيَا بَاغِيَ الشَّرِّ أَقْصِرْ، ولله عُتَقَاءُ مِنَ النَّارِ وَذَلِكَ كُلَّ لَيْلَةٍ} رواه الترمذي واللفظ له (682) وقال: غريب، وابن خزيمة في صحيحه بنحوه (1883)، وابن حبان (221/8) وقال الشيخ شعيب في التحقيق (إسناده قوي) ، والحاكم في المستدرك (1532) وقال: (حديث صحيح على شرط الشيخين ).

واتا : لەگەڵ هاتنی یەکەم شەوی مانگی ڕەمەزان، شەیتانەکان وزورپیتەکانی لەجنۆکەکان دەبەسترێنەوە، دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و هیچ یەکێك لەدەرگاکانی تا کۆتا ڕۆژی مانگی ڕەمەزان ناکرێنەوە، دەرگاکای بەهەشتیش دەکرێنەوە و هیچ دەرگایەکی داناخرێت, بانگەدەرێکیش –لە بانگدەرەکانی ناو فریشتە - هاوار دەکات ودەڵێت : ئەی ئەو کەسەی عاشقی خێر و چاکەیت فریاکەوە و فرستە خوای گەورە لەخۆت ڕازی بکە،،، هاواریش دەکات ودەڵێت : ئەی ئەو کەسەی کە عاشقی خراپە و تاوانیت بەسە و ئیتر و وازبهێنە و بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارن وبە ئاگا بێرەوە، هەموو شەوێکی رەمەزان خوای گەورە کۆمەڵێك کەس لە بەندەکانی خۆش دەبیت و ئازادیان دەکات لە ئاگر ....

جارێکی تر دەڵێینەوە : یا خوا بەخێر بێیتەوە ئەی مانگی قورئان مانگی بەرەکەت و خێر و ئیحسان .